سیخورمە 4

# سوعبەت

## لەگەڵ بڵاوکراوەکانا

خەبات: لەنێوان قسەو کرداردا
سیخورمە: حکومەتەکەمان مردار کردەوە
ئاوێنە: لۆکەش کارەبا دروست دەکات
سیخورمە: ئەی دەشێ؟
کوردستانی نوێ: چۆن دەڕوانیتە ئێستا؟
سیخورمە: بەوپەڕی تەریقییەوە
کۆمەڵ: هەڵبژاردن ئەمانەشی تێدا بوو
سیخورمە: بلێ بیلامانێ
یەکگرتوو: هەموو لیستەکان خۆیان بە سەرکەوتوو دەزانن
سیخورمە: بەسەر میللەتا؟
خەبات: یاداشتەکانی تۆنی بلێر بڵاودەکرێتەوە
سیخورمە: تکایە لوتتان بگرن
رووبەر: وەزارەتی ناوخۆ توانای کۆنترۆلکردنی تەقەکردنی نیە
سیخورمە: کەچی بەتەمایە ئوسامە بگرێ
دەستوور: ئیڤا هانی هیتلەری داوە خۆی بکوژێت
سیخورمە: کەچی ئەشلێن ژن خراپە
ئاوێنە: مووچەش پیاو لاواز دەکات
سیخورمە: بۆ نموونە تەماشای وەزیرەکان کە
کوردستانی نوێ: چ پەیوەندییەك لە نێوان ئەدەبو فیکردا هەیە؟
سیخورمە: حالییەن هیچ
گوڵان: ناتوانم دۆڕان قبوڵ بکەم
سیخورمە: چ جای گۆڕان
دەستوور: خوێندکارانی خانەقین خەون بە بەشی ناوخۆییەوە دەبینن
سیخورمە: خۆزگەم بەخۆیان. ئێمە بە خەویش نایبینین
چاودێر: وەرزش هەر بردنەوە نیە
سیخورمە: ئیفادی چەوریشە
کوردستانی نوێ: تەلەفزیۆنی گوگڵ بەڕێوەیە
سیخورمە: نەیانوت چ مەسئولێکی لەپشتەوەیە؟
رووداو: ئەوە دامان قوربان
سیخورمە: بە قسەی خۆت نابێ. ئەبێ فەحست کەین
دەستوور: گەڕانەوە بۆ خالی سفر
سیخورمە: نەتیجەی هەموو خەباتێکە
خەبات: چیایەك لە جەمسەری باشوور جیابۆتەوە
سیخورمە: بە مەبەستی چاکسازی

ئاوێنە: مووچەی زیندانیانی سیاسی قاچاخچیشیان تێدایە
سیخورمە: ئاخر ئەوسا کوردایەتی قاچاخ بووە
میدیا: کورد لە بەغدا شەڕی کورسی دەکات یان کێشە چارەنووسسازەکان؟
سیخورمە: هی کورسییە چارەنووسسازەکان
چاودێر: منداڵان حەزیان لە سیاسەتە
سیخورمە: چونکێکم ئیشەکە بۆتە منالبازاڕیی
خەبات: ئەو گەنجانەی شەوانە لە کۆڵانەکانا کۆدەبنەوە
سیخورمە: بە رۆژ لە گردەکانا تەوزیع ئەبن
دەستوور: خورماڵ بێ ئینتەرنێتە
سیخورمە: ئینتەرنێت کەی موشکیلەیە. موهیم ئەخلاقە
هاوڵاتی: ئەوە چیە دەگوزەرێت؟
سیخورمە: عومرە قۆڕەکەیە.
کوردستانی نوێ: کورد لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا
سیخورمە: دەچێتە ئاو
ئاوێنە: بە یەك رۆژ 45 کیلۆی دابەزاند
سیخورمە: بە تەجمیلی لووت؟
ئاوێزە: تەمەنی 46 سالەو خۆشی ناسك دەکاتەوە
سیخورمە: ئەزانم چییە. حزبی کوردییە

ئەو تەپڵەی کەس پێی هەڵنا پەڕێت

-کوردستانی نوێ-

